# من و یانەی رۆشنبیری شەقڵاوە

سەرەتاکان:

لە ئامۆژگا دەرچووم و وەك هەموو نەوەکانی سەردەمی راپەڕین دڵم پڕ بوو لەخورپەی گەرم و خوێنی گەرم و عەشقی گەرمم بۆ ژیان و کوردستان و ئەدەبیات و چالاکییە رۆشنبیرییەکان، لە لایەکی دیکەشەوە دیسانەوە وەك تەواوی نەوەیەك بێکاری و بێ دامەزراندن و بێ زۆر شتی پێویستی ژیان بە شێوەیەکی دیکە دوای تەواوکردنی خوێندن بەو ژیانە وەربوومەوە.

ئەگەر چی نامەوێ لێرەدا زۆر باسی خۆم بکەم و رەنگە باشتر بێت تەنیا باسی بەشی یانە بکەم لە ژیانمدا ، بەلاَم ئەبینم ئەمەیان کارێکی سەختە و بێ ویستی خۆم ئەپەڕمەوە سەر بەشەکانی دیکەی ژیانم کە دیارە پێکەوە من و یانە دروست ئەکەن.

من ئەو کاتە تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو، چیرۆکی عەشقێکی ساردو سڕ لە ناو دڵی گەرممدا بوو، تازە سەرەتای کۆتایی ئەو عەشقەم بوو، لەولاشەوە سەرەتای عەشقێکی دیکە بۆ یانە کە لەو کاتەوە تا ئێستا هەر گەرم و گوڕە و وەك خەونێکە زۆرجار هانم ئەدات لە ئاگاییدا رووبچمەوە ناوی و بە شێوەیەکی دیکە خۆم لەوێدا ببینمەوە.

هاتنە ناو یانە بێ پێشینەیەکی تایبەتی نەبوو، حەزی خوێندنەوە یەکەمین هۆکار بوو بۆ من بۆ ئەوەی خۆم لەگەل یانەدا تێکەڵ کەم، چیرۆکی من و خوێندنەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاو سێ و هەشتاو چوار، ئەوکاتەی بۆ یەکەمین جار سەرسام بووم بە کتێبخانەی ماڵی براگەورەکەم کاك خەلیل کە پڕ بوو لە چیرۆك و رۆمان و شعر و فەلسەفە و بابەتی جۆراوجۆر.

لەوێدا من فێری خوێندنەوە بووم، لە هەشتاو هەشتیشدا یەکەم شعرم بۆ ساڵی نوێ نووسی، ئەو کات کە نە دەرفەتێکی گەورە بۆ نووسین و بلاَوکردنەوە هەبوو، نە بواری نواندنی چالاکیش هەبوو، دونیا دونیای بەعس بوو، دونیای بەعسیش بە شێوەیەکی گشتی دونیای ترس و مەرگ و فەنابوون بوو.

بۆیە بۆ نەوەی ئێمە خەونێك بوو كە ببینە خاوەن منبەرێك و لەوێوە بچین شعر بڵێین و شانۆ بكەین و حەز و ویست و خەونە خۆش و جوانەكانی خۆمان مومارەسە بكەین. یانەی رۆشنبیری شەقلاوە كە ئێمە هەر بەنازەوە بە ( یانە) ناومان ئەهێنا. بووەماڵێك پڕ لە كتێب و شعر و گۆڤار و رۆمان و بیر و چالاكی و تابلۆ و شێوەی جۆراوجۆری ژیانكردنێكی جیاواز لە ژیانی من و دەیانی تردا.

یانە كە لە ئێستا بە دواوە لەم نووسینەدا هەر بەم ناوە بانگی ئەكەم، بووە یەكەم وێستگەی هەقیقی من لە ژیانی تایبەتی وئەدەبیدا، بۆ من تا ئێستاش رووە تایبەتییەكەی و ئەدەبییەكەی و رۆشنبیرییەكەی كە لێك جیاناكرێنەوە، بەڵام كاریگەریی تەواوی لەسەر من هەبووە.چونكە یانە تەنیا جێگەی كتێب و شعر و نووسین و شانۆ و شێوەكاری و پیشانگە و چالاكییە رۆشنبیرییەكان نەمایەوە، بەڵكو بووە ماڵی دڵ و دەماغ و دەروون و هەست و فرمێسك و گریان و پێكەنین و تەواوی ژیانی من و چەندین برادەری دیكەش.ئیدی رەنگە بكرێت من ساتە خۆشەكانی شعر خوێندنەوە و شانۆی چەك و تەربوونم لەناو ئاودا و ، ساتی هەڵبژاردنەكان و ساتی كتێب خوێندنەوە و پێكەنینەكان لەگەڵ برادەرانی وەك هەندرێن و بەختیار و سامان و ئەنوەر( سەلیم قاقا) و وشیار و حەمە و یوسف و راوێژ و فەرحان و ئەردەلان و هتد.....لە بیر بكەم،لێ ناكرێت ئەو ساتانەم بیر بچنەوە كەلە یەكەم گەڕانەوەم بۆ شەقلاوە دوای دابڕان بەهۆی شەڕی ناوەخۆ و پێنانم بە یانەوە، یان ئەو ساتەی من و حەمە و ئەنوەر شەوێك تا بەیانی لە یانە ئاسێ بووین و لەبەر گوللەكانی برا شەڕكەرەكانی شەڕی ناوەخۆ لەوێ خۆمان ماتدا، یان ئەوساتانەی لە بن دار هەنجیرەكانی پشتەوە فرمێسكەكانی هەندرێنم دیتن، یان ئەو نیتاقە عەسكەرییەی هەڵمەت لە پرۆڤەكاندا لە هەموو ئەكتەرەكانی ئەدا! یان و یان و یانی دی.....

یانە وەك هێلانەیەك بۆ خەونەكان:

وەك گووتم وەك نەوەیەك ئێمە خەونی رەنگاورەنگ و گچكە و جوانمان هەبوون، شعر خوێندنەوە ، شانۆ كردن، پیشانگەیەك، چالاكییەكی هزری، پێشبڕكێیەك، فیستڤاڵێك، هەڵپەركێیەك، كتێب كۆكردنەوە، گۆڤار، خوێندنەوە و ئەو دەمانەی روحمان تیایدا ئازاد و رەنگین ئەبوو، بەڵێ خەونەكانی ئێمە وەك دونیای خۆمان بچووك و جوان بوون، ئەندامانی یانە لە هەموو تەمەنەكان و بۆچوونە جیاوازەكان بوون، رەنگە یەكەم دامەزراو بووبێت كە لە دوای راپەڕینەوە هەوڵی دا وەك دامەزراوێكی رەسمی و بە مۆڵەت و مۆرەوە

کار بکات. هەر لەبەر ئەم هۆیەش هاوڕێیان هەندرێن و وشیار زوو هەوڵیاندا لە ڕێی بەرەی کوردستانییەوە ئەوکات مۆڵەت وەربگرن و هاوکاریش بکرێین.
ئەوەبوو بە روحی دروستکردنی ماڵێکی خنجیلانە هەر ئەندامێکە و شتێکی لە ماڵەوە هێنا، وەك کورسی و مێز و قەنەفە و کتێب و گۆڤار و هەر شتێك کە خزمەتی یانەکە بکات، یانە بەماوەیەکی کەم بووە ماڵێکی گەرم و گوڕ و دوای کۆنفرانس و یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتانە، دەستەیەکمان بۆ یانە دامەزراند، لێرەدا پێویستە لەسەر دوو هەڵبژاردن هەڵوەستە بکەم، یەکەمیان کە بۆ دەستەی ئامادەکردنی کۆنفرانس هەڵبژاردنێکمان کردوو چەند برادەرێك خۆمان بەربژێر کرد، کە ئێستا بیری لێئەکەمەوە زۆرم پێ سەیرە پێم وایە یەك ئەندامیش هەڵبژاردنی وەك گەمەیەك تەماشا نەکرد، من بۆ خۆم دەنگم دا بەهەموو ئەو برادەرانەی کە خۆیان بەربژێر کردبوو و ناوی خۆم نەنووسی! کە ئێستا بیر لە هەڵبژاردنە حزبی و سەندیکاییەکانی ئێستاش ئەکەمەوە پێم سەیرە کە ئەوکات ئێمە ئەو روحە جوانەمان هەبوو و جۆرە ئەخلاق و ئەدەبێك ڕێی لە من و رەنگە تەواوی برادەرانی ئەوکات کردبێت لەوەی لە هەڵبژاردندا ناوی خۆیان بنووسن یان جگە لە زیرەکی و هەڵکەوتوویی برادەران هۆکارێکی دیکە هەبووبێت بۆ هەڵبژرادنی کەسەکان، ئێمە پێش نزیکەی 16 ساڵ وا دەنگمان دا لە هەڵبژاردنی دەستەی کۆنفرانس، کەچی ئەوە لە 2007 دا هەڵبژاردنی دەزگەیەکی رۆشنبیریم دیووە، کە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ بەهایەکی رۆشنبیری نەبووە؟!
دووەم هەڵبژاردن هی دەستەی بەڕێوەبەردن بوو، من بیرم لەوە نەئەکردووە خۆم بۆ سەرۆکایەتی بپاڵێوم، بەڵام هەندرێن و شیار پێیان گووتم تۆ بۆ ئەم کارە باشی و ئەبێت بیکەیت، منیش بە ئاسانی رازی بووم، چونکە مەسەلەکە هەرگیز نە لە لای من و نەلای برادەرانی دیکەش وەك پۆستێك و پۆزێك تەماشای سەرۆکی یانە نەئەکرا، دوای ئەوە بڕیارماندا نەڵێین سەرۆکی یانە، بەڵکو لێپرسراوی یانە، کە ئەمەش مانای فەرهەنگی و مەجازی خۆی هەبوو.
بۆ من تا ئێستا ش ئەو روحە جوانە یادگارییەکی ئێجگار خۆشە کە بەو روحە ئێمە کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرم بۆ کاروباری رۆشنبیری بەو گیانە پاکەوە کارمان ئەکرد و شتەکانیش تەواو عەفەوی و سرووشتی بوون و روحی بێگەردی ئەو گەنجانەی نیشان ئەدا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئیدی لەناو ئەو پڕۆسانە و دوای ئەو پڕۆسانە بە گەرم و گوڕییەوە کارمان ئەکرد، بۆ چەندین کەسمان یانە بووە ماڵی یەکەم نەوەك دووەم، وایلێهات شەوانیش تا درەنگان بمێنینەوە و لەوێ زیاترین کاتمان بەسەر ببەین، ساتێك نەبوو لە یانە هەست بکەین چالاکییەك ناکەین، بەردەوام پیشانگە و کۆڕ و کۆبوونەوە و دواتریش شانۆ و پرۆڤەکردنەکانی شانۆ و هەروەها ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی خۆشمان زیاتر بنووسین و بخوێنینەوە و بە دەیان و سەدان گفتوگۆی رۆژانە لەنێو ئەندامانیدا دروست ببن، ئەمە جگە لەوەی رۆژانە بەو دەیان و سەدان کتێب لە لایەن خەڵکەوە وەرئەگیران بۆ خوێندنەوە.

من بۆ خۆم لەو ساتانەدا، بە شێوەیەکی قوڵتر هاتمە ناو نووسینەوە، هەر ئەوەش بوو وایلێکردم کە کاتێك شانۆی (چەك) مان پێشکەش کرد لە نووسینی عەزیز نەسین، من لە دواییدا شتێکی زیادەم بۆ نووسی و لەسەر زمانی ئەو کەسایەتی یە نووسیمەوە کە لە ناو ئاوەکە دێتە دەرێ و قسەکانی ئەکات.

دوای ئەوە هەر لەو رۆژەدا بۆ یەکەم جار هەندێ شعری خۆم خوێندنەوە و هەروەها وشیاریش شعرێکی دامێ کە من بۆی بخوێنمەوە.

ئەو ئەزموونە سەرەتاییەی من لە نووسین و خوێندنەوە و شانۆدا، خۆشییەکی بێ سنوور بوون، کە ئێستاش رەنگە بە تەماشاکردنی هەندێ لەو شتانەی کە تۆمارمان کردبوون بتوانن بمگرێینن، بۆ ئەو رۆژانە کە هەموو شتێك جوان و رەنگین بوو.

من لەماڵەوە لە بارێکی تۆزێك غەریب و نامۆ دا بووم، بۆ من ژیانی تایبەتیم بریتی بوو لەکۆمەڵێ کێشە و بێشەی کۆمەڵایەتی بێمانا، دەرچوونم لە ئەزموونێکی خۆشەویستی بە دڵساردی و هەستکردن بە تەنیایی و بێ کاری بۆ ماوەیەك و نەبوونی داراییەکی وا کە گەنجێك بتوانێ پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆی پێ دابین بکات، ژیانی لا ناخۆش و تاریك کردبووم، بەڵام لەو لاوە یانە و چالاکییەکانی، کردنەوەی پیشانگەیەك، گەڕان بەدووی کەشیدەیەك بۆ (بەختیار _ حاجی) تا لە شانۆی نرخی ئازادی لەسەری بکات، کڕینی ئەمپلیفایەرێك بە سەد قەرد و فەردەوە، نووسینی لافیتەیەك بۆ چالاکییەك، هەڵواسینی کاغەزێکی یانە بە دیوارێکەوە یان بە جامخانەی کتێبخانەی شانۆوە، ئەوانە و دەیان کاری دیکەی گچکە و گەورە ببوونە هەوێنی ئەوەی بەردەوام من لە کێشەو بێشەکان بەرەو ئەوکارانە بڕۆم و هاوسەنگییەك لە نێوان تاریکی و ڕووناکی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانمدا دروست بکەم.

من لەو هەموو چالاکییانەی لە یانەدا بەشداریم کرد، یەك تاکە کەسی خێزانەکەشم بەشدارییان نەکرد و نەیانبینی، من زۆر جار کە تەماشای (حەیشێ) م ئەکرد، دڵم زۆر خۆش ئەبوو و ئەمگووت ئەو لە جیاتی هەموو ماڵی من منیش ئەبینێ و هەر هەندۆ و هەڵمەت نابینێ، حەزم ئەکرد جارێکیان برایەك یان خوشکێك ئامادەببوایە، بەڵام کە ئامادەش نەبوون کێشەیەکی گەورە نەبوو، چونکە ئێمەی برادەران بە راستی لەناو ئەو هەموو کار و چالاکییانەدا بەتایبەتی لەکاتی فستیفاڵەکان یان پێشکەش کردنی شانۆکان ئەوەندە کارمان ئەکرد و پێئەکەنین کە هیچ مەوداییەك بۆ دڵتەنگی و نەخۆشی نەئەمایەوە، کاری جوان و پێکەنینی زۆر و کەیف خۆشبوون و چەپڵە و فیتەی جەماوەر و گونجانییان لەگەڵ ئەندامانی شانۆ و یانە و تەنانەت شعر و نووسینەکان و هەموو شتەکانی دیکە بۆ من خۆم حاڵەتێکی نەشوەی سەیری لە لا دروست کردبووم و بۆ هەموو برادەرانیش هەر وابوو،
جارێکیان بەختۆ حاجی پێی گووتم، خۆشترین ساتی من ئەوە بوو کە لە دوای تەواوبوونی نمایش شانۆیی ( نرخی ئازادی ) خەڵکەکە هاواری ئەکرد ( حاجی ، حاجی ، حاجی ) کە بەخە لەو شانۆیەدا رۆڵی حاجییەکی کۆمیدی دیتبوو، ئیدی وابوو من تائێستاش کە لە بەردەم هەر شانۆیەکدا بم تەنانەت لە تەلەفزیۆنیش کە کاتی ئەوە دێت ئەکتەرەکان لە کۆتایی شانۆدا خۆیان پێشکەش بکەن، من بێ دەستی خۆم چاوم پڕ ئەبێت لە ئاو.

هەر چۆنێك بێت، رۆژانی یانە ئەهاتن و ئەچوون و ژیانی تایبەتی منیش گۆڕانی بەسەردا ئەهات، لە نۆهەت و سێ دا دووشت کاریگەرییان لێکردم، یەکەمیان گوێزانەوەی ژیانم بوو لە ناو باخچان بۆ سەرمەیدان و دووەمیشیان کارکردنم بوو لە ئێزگەی مەڵبەندی شەشی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
من هەر لە منداڵییەوە تا ئەوکات، هەر لەو ماڵە قوڕینەی ناو باخچانەوە ژیابووم، ئەمە جگە لەوساتانەی کە لەرۆژانی خوێندنی ئامۆژگە لە هەولێر بووم ، ئەگەر نا هەموو ساتەکانی ژیانی من لەو ماڵە بوو کە بەماڵی وەستا شێمحەمەد ناسرابوو و بۆنی خۆشترین و رەنگاورەنگترین جوگرافیای ئەم ژیانەی لێئەهات، خانووەکە چوار ژوور بوو، هەمووی لە قوڕ و خشت و بەرد دروستکرابوو، ئەو شێوەیەی کە لە ساڵانی نۆهەت و سێ و چوار هەیبوو، ئەمە دوا فۆرمی بوو کە دوای چەندین ساڵ بە خۆیەوە گرتبووی، چونکە لەوەتەی بە بیرم ئەهات، هەموو ساڵێك لایەکی ئەو خانووەمان خراپ ئەکرد و لایەکی دیکەشمان چاك ئەکردوە و گۆڕانی بەسەردا ئەهات، بەڵام دوو ژوور هەبوون ئەوان

هەمیشە وەك خۆیان بوون، ژووری گەورە کە سەرەکی بوو و بۆ هەموو شتێك بەکار ئەهات، نووستن و خواردن و گەمەکردن و دانیشتن و میوان و خۆمان و منداڵ و گەورە و گچکە و ژن و پیاو و هتد...، ژوورێك بوو من بۆ خۆم بە هەزاران شەو تیایدا نووستبووم و نانم لێخواردبوو و لێی رازا بووم و لێیم خوێندبوو و سەعیم کردبوو و شتم تێدا نووسیبوو، ژوورەکە پەنجەرەیەکی تێدابوو زۆر بەرین بوو کە من بۆ خۆم زۆر جار زۆر بە ئیسراحەت تیایدا پاڵم ئەدایەوە، هەروەها دەلاقەیەکی تێدابوو جێگەی تەلەفزیۆنێکی رەش و سپی زۆر گەورەی کردبۆوە، لە بن تەلەفزۆنەکەش، کونێك هەبوو زۆرجار پارە یان هەر شتێکی بەنرخ هەبوایە ئەوا ماڵەوەمان لەوێیان دائەنا، بانی ژوورەکە خۆڵ بوو لە زستاندا زۆر جار دڵۆپەی ئەکرد و بەباگوردان ئەکەوتینە گێڕانی، لە ژوورەوە بانەکە زۆر جوان بوو هەمووی دار ریز کرابوو و دوو داری گەورەش لە ناوەراستدا دانرابوون، کە شێوەیەکی زۆر جوان و زەوقێکی جوانیان بە ژوورەکە بەخشیبوو و لە کاتی پاڵدانەوەدا بۆ چاوانی من زۆر خۆشبوون، هەر لەو ژوورەدا زستانان چەندین مێلاقە هەنارمان پێوەئەکردن و شەوان لێمان ئەکردنەوە، هەر لەو ژوورەدا خوا ئەزانێ دایك و باوکم کە هەر بەخۆیان دروستیان کردبوو چەندین هەناسە و فرمێسك و ناڵەی ئنسانیانەی خۆیان گۆڕیوەتەوە، هەر لەو ژوورەدا برام نەماوە لەگەڵ ژنەکەی تێیدا نەنووستبێ، کاك زیاد کە ژنی گواستەوە بووە ژووری ئەو، دوای ئەوەی ئەو رۆیشت خەسرەوی برازام لەوێ بە زاوا بوو، ئیدی ئەو ژوورە بۆ خۆی حەشارگەی روح و پەنای هەناسە و ماچ و هەزاران شتی جوان بوو.

هەر لەو ژوورەدا بەدەیان شەو لەگەڵ خوشکەکانم قسە و پێکەنین و قومار و گەمەی ترم کردووە، زۆر لە خوشکەکانم لەگەڵ مێردەکانیان لەو ژوورە نووستبوون، زۆر لە منداڵەکانیان لەو ژوورەدا مەمکیان خواردوەو لەوێ گەورە بوون، زۆر نوکتە و پێکەنین و قسەی خۆش و لەو ژوورەدا کرابوو، بەتامترین خواردن و شیرینترین چایە و ساردترین ماستاو لەو ژوورەدا خورابوونەوە، دوا ساتەکانی ژیانی ئەم ژوورەش من چەندین لافیتەی رەنگاوەرەنگم بۆ حزبەکان نووسین ئەوکاتەی وەك خۆشنووسێك کارم ئەکرد و تا دواساتەکانی ئەم ژوورەش پەڵەی هەندێ بۆیاغی سوور و سەوز لە ژوورەکەدا مابوون.

ئیدی دەرچوونی من لەو ژوورە و لەوخانووەدا کە من لێرەدا ناتوانم باسی جوانییەکانی باخچە و سەربان و داروبار و ئاو و کانی و جۆگەلە و پەلکە مێو و ترێ و هەنجیر و گەراز و شتەکانی دیکە بکەم، باسی ئاوازی نیوەشەوانەی شالوور و ئەو تفتیلکانە بکەم کە زۆر لە

دوویان بووم تا بیانکوژم بەلاّم باش بوو بە منداڵی پەلاپیتکەم زۆر خوار بوو و نەمئەتوانی ئەو تەیرە گوناهانە بکوژم،
ڕەنگە زەردو زراویلکە نەکبەتیترین باڵندە بێت، چونکە دووجار نزانم چۆن بوو توانیم دوو زەردوزراویلکە بکوژم، ڵی لە دڵەوە پەشیمانم ،بەلاّم دیارە ئەو تەیرە گوناهانە لە من نەکبەتتر بوون ئەگەرنا نەئەکەوتنە بەر بەردەکانی دار لاستیکەکەی من کە قەت بەرەو رووی باڵندەکان نەئەرۆیشت.
هەر چۆنێك بێت، من ئەو ماڵەم بەحێهێشت و باوەڕم نەئەکرد کە بۆ دواجار ئەبێت، بەلاّم رۆیشتنێك بوو بۆ ئەبەد، چوومە سەرمەیدان لای برای خۆشەویستم کاك زیاد.
هەر لەوسەروبەدەبوو کە دەستم بەکاری ئێزگە کرد، ئەویش قۆناغێکی دیکە بوو، لە ژیانی ئەدەبی و تایبەتی، سەرەتای دامەزراندنم وابزانم تەنیا بۆ ئەوەبوو تا نەچمە ئێزگەی حزبی شیوعی شەقلاّوە کە ئەوکاتە من دەستم بەوە کردبوو چەند گوتارێکییان بۆ بنێرم و ئەوانیش بۆیان بلاّوئەکردمەوە، دوای ئەوە لە رێی برادەرێکی خۆشەویستەوە دەستم بەکاری ئێزگەی مەڵبەندی شەشی سۆران کرد.
ئەویٚ بۆ کۆمەڵێ شت دەرفەتێکی باش بوو، لەوانە:
یەکەم: خوێندنەوە و بەدواداچوونی رووداو و هەواڵەکانی کوردستان و جیهان.
دووەم: کاری نووسین و ئامادەکردنی پرۆگرام و گەڕان بەدوای سەرچاوەی جۆراوجۆر و خوێندنەوە.
سێیەم: پێشکەش کردنی بەرنامە و بە تایبەتی خوێندنەوەی شعر، کە خۆشییەکی زۆری ئەدامیٚ، چونکە من قەت پێم وانەبوو دەنگم بەکەڵك ئێزگە بێت.
چوارەم: بلاّوکردنەوەی ئاگەداری و چالاّکییەکانی یانە بە ئاسانیو بەبەردەوام.
پێنچەم: ئەزموونێك بوو بۆ تاقیکردنەوەی خۆم وەك نووسەر و بێژەر و مرۆڤێك.
بەداخەوە ماوەی ئێزگە خۆشییەکانی درێژ خایەن نەبوون،دوو شەڕی ناوخۆیی بەسەردا هاتن،
یەکەمیان: شەڕی یەکێتی و بزووتنەوە ئیسلامی، کە لە وێدا سەرگەمانە کۆمەڵێ قسەی قۆڕم نووسین و خوێندنەوە، کە ئێستاکەش لێیان پەشیمانم و ئازاریشیان لە کوشتنی زەردوزراویلکەکانەوە زیاترە.
دووەمیشیان: شەڕی پارتی و یەکێتی، یان براکوژی یان شەڕی ناوەخۆ. کە ئەو کاتە من هەستم کرد، ئیدی ئەوە جێگەی کاری من نیە. هەر بۆیەشە وازم لێیهێناو بێکار مامەوە.

دوای ماوەیەکی کەمیش چوومە هەولێر، چونکە برای بەڕێزم د. زیاد ماڵی گواستەوە بۆ هەولێر.منیش لەگەڵ ئەو ئەژیام.

لەماوەی کارکردنم لە ئێزگە، زۆر شتی خۆش و ناخۆش هەبوون، بەڵام یەکێك لەو یادگارییە خۆشانەی ئەوسا کە تۆزێك تایبەتە، ئەوەبوو، کچێك دەنگی منی پێخۆش بوو، ئەمەش وایکردبوو، کە هەوڵدا بمبینێ، لە یەکێك لە وێنە ڤیدیۆیەکاندا، منی دیتبوو و منی پێ جوان بووبوو، هەر چەندە هاوڕێی خۆشەویست (یوسف) ئەیگووت، دوای ئەوەی منییشیان لە هەمان تێیپەکەدا دیبوو، گووتبوویان ئەو جوانترە! بەڵام.... یادگارە خۆشەکە ئەوەیە، کە ئەو ماوەیە من زۆر زوو ئەچوومە ئێزگە، بەیانییان نزیکەی سعات شەش و نیو یان هەفت کەم چارەگێك ئەبوایە بڕۆیشتبامە ئەوێ چونکە سعات هەفت بەرنامەم هەبوو پێشکەشی کەم.

ئەو کچەش کە کاری فەرمانگەیەکی هەبوو، نەیئەتوانی ئەوەندە زوو بێتە سەر جادە و ئەو شوێنەی من لێی تێپەڕ ئەبم بمبینێت، جارێك یان دووجار بینیم، بەڵام بێ ئەوەی بزانم ئەو بۆ من ئەوەندە زوو دێتە سەر جادەکە.دوای ماوەیەکی زۆر زانیمەوە، کە یەکێك لە خۆزگەکانی ئەوەبووە، کە دێتە سەر جادە، فریای ئەوە بکەوێت کە من نەڕۆیشتبمە دەوام و بمبینێت! بەڵام بەداخەوە کە تەنیا جارێك یان دوو جار منی دیت!

لێ دوای ئەوە کچەم لە نزیکەوە دیت و هەندێ شعریشم دانێ کە بەخەتی خۆم نووسیبوو، بەڵام دوایی لێم وەرگرتنەوە، نەبادا بڵێت ئەوە بە خەتی خۆی ئەو شعرانەی بۆ من نووسیووە؟؟!

تەماشاکەن ئەزیزان، نەوەك من تەنیا بەڵکو هەموو ئەوانەی لە یانە من لەگەڵیان بووم و نەوەیەکی تەواوی ئێمە، لە چ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گشتییدا ئەژیاین، کە ژیانمان پڕ بوو لە خۆزگەی بچووك و چێژ و لە هەمان کاتیشدا لە ترس؟! سەیرە ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵانە، بیر لەو رووداوە گچکە و یادگارە ئەکەمەوە، هەم خۆشی و هەم بێتاقەتی هەست پێئەکەم. بۆ دەبوو ژیانمان وابێت؟ بۆ ئەبێت ئێستاش وابێت؟ ئەو حەزە گچکانەی بۆیان هەبوو بمانکەن بە گەنجێکی جوان و رووح سووك و ژیکەلە، زەحمەت بوو بتوانین مومارەسەیان بکەین.